# هاوپەیمانی لیستی کوردستانی لەنێوان تاکتیك وستراتیژدا .



هاوپەیمانی زاراوەیەکی سیاسی یەوبەواتای یەکخستنی هەڵوێست وکاری هاوبەش لەنێوان چەندلایەنەێکی سیاسی داولەسەربنەمای بەرژەوەندی هاوبەش دێتەکایەوە بۆماوەیەکی دیاری کراو ، هاوپەیمانی هەمیشە لەئەنجامی نەبونی ناجێگیری ئەوزاعی سیاسی ونەبونی دەستوری هەمیشەیی ولآت وسەرهەڵدانی شەڕی نێوان دەوڵەتان وململانەی سیاسی ئەحزاب وئاڵوگۆڕی دەسەلآت و بەمەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی وبەرژەوەندی هێزەسیاسی یەکان لەسەردەمێکی دیاری کراودا دێتەپێشەوە ، چەندلایەنێکی سیاسی لەسەرکۆمەڵێك خاڵی هاوبەش لەسەردەمێکی دیاری کراوداپێك دێن وهاوپەیمانیەك دروست دەکەن بۆئامانجێکی دیاری کراو ، بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی هاوسەنگی هێز وئەوزاعی سیاسی سەردەم وبەرژەوەندیەکانی ڕۆژ ، ئەوهاوپەیمانەتی وگرێــــبەستانەش ئاڵوگۆڕیان بەسەرداد‌ێت کەپێشترلەسەری پێکهاتون و بۆی هەیەلەبنەڕەتیشەوە هەڵبوەشێتەوە ، هاوپەیمانی نێوان دولایەن یان چەندلایەنێکی سیاسی تاکتیکی ڕۆژانەیەوبۆئامانجێکی هاوبەشی دیاری کراو ڕێکخراوە و هەرگــــیزنابێتەهۆی یەکخستـــــنی بەرنامەی کاری هاوبەش بەئاڕاستەی بەستنەوەی هەردولا بەئامانج وستراتیژێکی درێژخایەن وچارەنوس سازەوە .

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کەلەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس بەلیستێکی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق یان کرد ، چەندخاڵێکی سەرەکی کەئەم دوحیزبەی لەدەوری یەك کۆکردۆتەوە ، بەتایــــبەتیش مەترسی لەپەراوێزکەوتن ولەدەست دانی دەسەلآتی هەردولا بو لەژێرفشاروپاڵەپەستۆی ئاڵوگۆڕەسیاسی یەکانی عێراقدا .

لیستی هاوپەیمانی حیزبەکوردستانیەکان لەهەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا ئەو هێزوتوانایەی دابەپارتی ویەکێتی کەلەومەترسی یەدەربازبــــن ولەهاوکێشەسیاسی یەکانی ئەم قۆناغەی عێراقدابەم جۆرەبچــــنەپێـــــشەوە ، بەلآم پێویستەحیزبەکوردستانیەکان مەست وخۆشخەیاڵ نەبن بەسەرکەوتنەکانی ڕابوردو ، دەبێ لەفکری داهاتودابن وئەوڕاستــــیانەباش بزانین ئەوهەلومەرجەبابەتیانەی کەلەم قۆناغەدا لەبەرژەوەندی حیزبەکوردستانیەکان هاتـــــنەپێشەوە ، لەکاتێکدابوکەڕژێمی عێراق لەبنەڕەتەوەلەبەریەك هەڵوەشابۆوە وئەحزابی ناسیۆنالیستی ومەزەبیەکانی عێراقی لەحاڵەتێکی لاوازونامونزم دابون ، بەپێچەوانەشەوە حیزبەکوردستانیەکان خاوەن دەسەلآتی ئیداری وهێزوتوانای سەربازی وڕێکخراوەیی بون وهەربۆیەش توانــــیان زۆرلەشەرت وشروتەکانی خۆیان لەقۆناغی گواستـــــنەوەدابەسەرلایەنەعێراقی یەکاندبسەپێنن ، بەلآم مەرج نیە ئیترئاڵوگۆڕەسیاسی یەکانی ئایندەی عێراق بۆهەمیشەهەلومەرجەکانی ڕابوردو وەکو خۆی دوبارەبکاتەوە .

بەبڕوای من ئێستاسەردەمەکەبەتەواوی گۆڕاوە ، ئەحزابی ناسیۆنالیستی ومەزهەبیەکانی عێراقی قۆناغی گواستنەوەیان تێ پەڕاندولەژێرفشاری سیاسی حیزبەکوردستانیەکان هاتـــــنەدەرەوە ، بەپێچەوانەشەوە ئێستا بونەتە خاوەن دەوڵەتی قانونی ودام دەزگای ئیداری وهێزی سەربازی وڕێکخراوەی خۆیان ،

لەقۆناغی داهاتو ولەهەڵبژاردنەکانی ئایندەی عێراقـــداهاوکێشەسیاسی یەکان بەتەواوی پێــــچـــــەوانە دەبنەوە ، ئەحزابی ناسیۆنالیستی ومەزهەبیەکانی عێراقی لەهەڵوێـــــــــــــــــــستی دیفاعی یەوەئیتر دەکەونەحاڵەتی هێرش

بردن وخۆڕێکخستنەوەو داسەپاندنی شەرت وشروتەکانی خۆیان لەڕێگای دەستوری هەمیشەیی وڵاتەوە بەسەرحیزبەکوردستانیەکاندا .

ئەم ئاڵوگۆڕەسیاسی یانەی عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەریان دەبێت بۆسەرهاوپەیمانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و چارەنوس وئایندەی سیاسی کوردستانیش ، عێراق بەرەو سیستمێکی دیموکراسی شمولی هەنگاودەنێت وکوردستانیش لەسەردەستی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بۆتەشێك لەم وڵاتە ، حیزبەکوردستانیەکان لەدوای 14ساڵ سەربەخۆی وبەهۆی زیاترلە40 ساڵ ململانەوشەڕی ناوخۆ و قبوڵ نەکردنی پرەنسیبی دیموکراسی وزاڵ بونی ئەفکاری بیروکراسی یانەتائێستاش نەیان توانیوەناومالی خۆیان ڕێکبخەنەوەو دەسەڵاتێکی یەکگرتوبۆخۆیان دروست بکەن ، ئەمەش خاڵێکی لاوازی حیزبەکوردستانیەکانەلەبەرامبەردەوڵەتی ناوەند ، ئەگەربەزوترین کات کێشەکانی نێوان یەکێتی وپارتی بەڕێگایەکی شەرعی ودیموکراسی یانە چارەسەرنەکرێن ، لێرەبەدواوە ئیتردەوڵەتی ناوەندی وەك هەمودەوڵەتەیەك لەدوای یەکەکانی ڕابوردوی عێراق ، زۆربەئاسانی ئەتوانێت سودلەکەلێن وناکۆکی وکێشەکانی ئەم دوحیزبەوەربگرێت ، ئیترمەترسی ئەوەهەیەکەئەم دوحیزبە بەڕێگای نادرست وناشەرعی یانەکێشەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتردایەکلای بکەنەوە .

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردسان بۆچارەسەری کێشەکانی خۆیان پێویستە پرەنسیبی دیموکراسی یانەڕەچاوبکەن ، ئەم دوحیزبە هیچ ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدانەماوە جگەلەوەی کەدەبێ لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەم وسیستمی دیموکراسی نوێی عێراقداخۆیان بگونجێنن ، پێویستەئیترئەم دوحیزبە گوێڕایەڵی ئیرادەی سیاسی زۆرینەی خەڵکی کوردستان ببن ودەست لەدەسەڵاتی {فیفتی فیفتی}هەڵبگرن ، لەم کاتەناسکەداکەدەستوری هەمیشەیی عێراق دەنوسرێتەوەولەکۆتای ئەمساڵدالیستی هاوپەیمانی کوردستانی دیسان دەکەوێتەوە بەردەم تاقی کردنەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرتاسەری لەعێراقدا ، سەرهەڵدانی کێشەوناکۆکیەکانی یەکێتی وپارتی مەوقعیەتی خەڵکی کوردوهاوپەیمانی کوردستانی ئەگەرهەڵیشی نەوەشێنێتەوە بێ گومان لاوازی دەکات لەمەیدانی ململانەوشەڕی دەستوری داکەچارەنوس وئایندەی سیاسی کوردستانی پێوەبەندە .

ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان
2005-5-10 هۆڵندا